# رابـــــوون

گۆڤارێکی کولتووری گشتییه - ژماره دوو - هاوینی ١٩٩١



MANCHES DE POIGNARDS KURDES EN IVOIRE SCULPTÉ.

## کۆماری دیموکراتی کوردستان
## کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان

# پێشەوا لە سەردەمی سەرۆک کۆماردا

● مەحمود مەلا عزەت

بەشی یەکەم

*ڕەسەنترین سەرچاوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە مێژووی کۆماری دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆمار و نامە و دۆکۆمێنتە جۆربەجۆرەکان و بیرەوەری و یادداشتی هاوبەش و هاوژینی کۆمار و نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤار و وتاری ڕادیۆیی وڵاتانی ناوچەکەن لەو سەردەمەدا...*

لەناو ئەوانەدا ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تر و ئەو بەڵگەنامانەی ماون و پارێزراون، نرخێکی مێژوویی بێ هاوتایان هەیە، بە تایبەتی تائێستا بەشێکی زۆری نەکەوتوونەتە بەردەست. ئەو ژمارەکەمەش لە نووسەران کە بە دوایاندا دەگەڕێن، بۆ گەلێ بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕوخستنی زۆر لە ڕاستی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار بێ وێنەن و هێندە پڕ بایەخن کە فەوتاندنیان مانای ونکردنی چەند ئەڵقەیەکی گرنگ و بنچینەیی مێژوویی ئەو سەردەمەیە. هەوڵدان بۆ بەردەستخستنی ئەوانەی ماون و بڵاوکردنەوەیان و لەسەر نووسینیان گەلێ لە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەخەنە ڕوو و دەبنە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بۆ نووسین و توێژینەوە دەربارەی ئەو لایەنە گرنگانەی کە تائێستا لەسەریان نەنووسراوە یان شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەگوتراوە، بەتایبەتی بۆ ئەم باسانەی خوارەوە:

– یاسا و بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگا جۆربەجۆرەکان و شێوەی پێکهاتنیان، سەرچاوەی یاسا و بڕیار و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەیوەندییان لەگەڵ تاران.. ناوەندێتی دەسەڵات و جۆری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن لەگەڵ سەربازیدا... سیستمی بەڕێوەبردن و شێوەی پەیوەندی دامودەزگاکان، سیستمی موچەی مانگانە و جۆری دابەشکردنی و... هتد.

– گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی تاران، هۆی گفتوگۆ و هەلومەرجەکان، ڕێککەوتن و بەندەکانی، ڕێڕەو و وتووێژ و دەقی نووسراوەی دانیشتنەکان، هەڵوێستی ڕاستەقینەی لێپرسراوانی ئێران و

ئەفسەرانی ئەرتەش، هۆی سەرنەگرتنی کۆبوونەوەکان زیان و دەستکەوتەکان.
- ئابووری کۆمار وژیانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و کەسابەت، گوزەرانی جەماوەر و سەرچاوەی کار و دەرامەت، سەرچاوەی داهات و بودجەی وزارەت و داهاتی نەتەوەیی، ئابووری سەربازی، جۆری دابینکردنی پێویستەکانی دەوڵەت و بە پیرەوەچوونی داواکانی خەڵک..
- لایەنی کۆمەڵایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵیان لە بەڕێوەبردن و بەرگریدا، پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتیە هەمە جۆرەکان، سیستەم و رۆڵی عەشایری، گوزەرانی خەڵکی لادێکان..
- ئەدەب و هونەر، شیعر و شاعیران، نووسەر و چیرۆکنووس و هونەرمەندان. ژیانی رۆژنامەگەری و چاپکردن، ژیانی رۆشنبیری و قوتابخانە و خوێندن و یاساکانی، زمان و ڕێزمان و نووسین و ئاستی گەشەکردنیان.
- لایەنی سیاسی و دیپلۆماسی، ئاستی هوشیاریی سیاسی و مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەخۆ و دەرەوەدا، ئازادی رادەربڕین، ئازادی کار و هاتوچۆ. رەنگدانەوەی لایەنی سیاسی و سەربازی لەسەر گفتوگۆ و هەڵوێست وەرگرتن.
- لایەنی سەربازی، لەشکر و پێشمەرگە و چۆنیەتی پێکهاتنی هێزە چەکدارەکان، ئابووری عەسکەری و ئاستی دابینکردنی پێداویستییەکانی سەربازی و چەک و تەقەمەنی، ئاستی هێز و خورتی سوپا و ئامادەبوونی بۆ جەنگ و داکۆکی، بوونی دەوڵەتان و هێزەکانیان لە ئێراندا، ئامانجی ئەو هێزانە، هەڵوومەرجی کۆمار لە ڕووی ململانێ و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتانە.
بابەتێکی گرنگی ئەو مەیدانانەی نووسین و لێکۆڵینەوە، سەردەمی کۆمار و دیاردە و کرونۆلۆجیتی ڕووداوەکانە: کە دەست پێوەگرتنیان، بووژاندنەوە و پاراستنی سامانە مێژووییەکەمانە و دەبنە سەرچاوەیەکی رەسەن بۆ هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک. جگە لەمەش زەمین خۆشکردنیشە بۆ چوونە ناو قوڵایی ڕووداوەکان و توانا زیاد کردنە بۆ نووسەران کە بچنە نێو نهێنی و راستی ململانێ و هۆی جولێنەری ڕوداوەکان، دەستنیشانکردنی هەڵە و چەوتییەکان بۆ سوود وەرگرتن لە دەرس و پەندەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییە.
زانیاری لەسەر پێشەوا قازی محەممەد لە شێوەی وتار و لە هەندێ بەرهەمیشدا نووسراوە، بەڵام تائێستا کارێکی وانەکراوە کە مێژووی ژیانی ئەو سەرکردە مەزنە مافی خۆی بدرێتێ.
ئەم کرۆنۆلۆجییەی کار و کردار و چالاکی پێشەوا لەسەردەمی سەرۆک کۆماریدا چەند ئەلقەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی دەردەخات، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا پەنجە دەخرێتە سەر زۆر لە وتار و دیدەنی رۆژنامە و قسەکانی، کە بەگشتی دید و بۆچوون و بیر و هەڵوێست و کەرەکتاری پێشەوا دەردەخەن. ئێمەش بە ناچاری دەبێ لە نووسینێکی وادا کورت و پوخت چڕیان بکەینەوە، بە جۆرێک کە هەم خوێنەر و هەم نووسەر سوودی لێوەربگرن و ببنە سەرچاوە یا ڕێنمای سەرچاوە. داخیشم ناچێت کە دەیان ژمارەی رۆژنامەی کوردستان و گەلێ بلاوکراوە و گۆڤار، کە لەو سەردەمەدا بلاوکراونەتەوە، ونبوونە و نەکەوتوونەتە بەردەست، هەروەک ئەو هەموو نامە و دوکۆمێنت و سجل و فایل و دەفتەری دامودەزگاکان و لێپرساوان، فەوتان یان ونبوون و روناکی نابینن.*
ئەم زنجیرەیەی کار و کردار و چالاکی پێشەوا بەپێی مێژووی ڕوودانیان ڕێکخراون و وەک

خۆیان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ڕێنووسی ئیمڕۆ بەکار هێنراوە تا هەموو خوێنەران سوودی لێوەربگرن. هێندێ سەرباس و بابەت و نووسین وەک خۆیان دەنووسرێنەوە. ئەگەر ڕوداو و باسی تر هەبن و لێرەدا نەهێنرێن هۆکەی وەکو وتم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیان ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارە لەبەر دەستدانین یاخود لەبەر دەستدان و خراپ کۆپیکراون، بۆیە ناخوێندرێنەوە. بۆ تەواوکردنی ئەم جۆرە کارانە دەبێ تێکرایان فەرهەنگیلە بکرێن و گوتە و نووسینەکانیش نۆرمالیسە بکرێن. خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو ژمارانەی تر و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بکەونە بەردەست دەتوانرێ ئەو بۆشاییانە پڕ بکرێنەوە و بەرهەمێکی فراوان ئەنجام بدرێ. هەر چۆنێک بێ، باپچینەوە ناو تابلۆی ژیانی پێشەوا لەناو زنجیرە ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار و ڕۆڵی سەرۆکایەتی لەو ماوە کورتەدا.

* ڕۆژی ١٩٤٦/١/١١ پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران.[١]

هێندێ لە مۆدێراتی جەرائیدی تاران: ئاغای تەفەزولی خاوەنی ڕۆژنامەی (ئیرانی ما) ئاغای عەبباس شاهندە خاوەنی (فەرمان) ئاغایانی بزرگ عەلەوی و هورمز نووسەرانی دوو ڕۆژنامەی (ڕەهبەرو ئیرانی ما) بۆ ئاگاداری لە وەزعی کوردستانی خودموختار هاتنە مەهاباد و لەگەڵ جەنابی قازی محەممەد ڕەهبەری میللەتی کورد یەکتریان دیت و گفتوگۆیان کرد بۆ ئاگاداری خوێندەوارە بەرزەکان یەک یەک پرسیاری ئەوان و وەرامی جەنابی قازی دەنووسرێ.. هتد.

* (١١-١) پێشەوا فەرمان دەدات کە خوێندن بکرێ بە زمانی کوردی [٢] لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لەمەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا (١٠) ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتزای خوێندن بکا دەبێ بنێرنە مەدرەسە ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجارات تەمبێ دەکرێ.

* (١١-١) پێشەوا فەرمان دەردەکات کە نێوی مەدرەسەی پەهلەوی بگۆڕدرێ[٣] بەپێی دەستووری پێشەوا و ڕەئیس جەمهوری کوردستان لە ٢٠-١٠-١٣٢٤دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆبوونەوە، پەسندکرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بە نێوی مەکتەبی کرمانجی کوردستان نێودار بێ خواهیش دەکەین لەو تاریخەوە بە نێونکی کە پەسندکراوە (مەکتەبی کرمانج) بناسن.

* (١٩-١) جەژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان[٤]

*دەروشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان*

ڕۆژی ٢٨ی مانگی بەفرانبار (دیماە)ی ساڵی ١٣٢٤ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەموو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غەیرە مالیک هەر یەک لەچەند فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانوونی ئیحساساتی میللی خۆیان و قینەی ئەرەزوو و کیدەری ئافکاری هەمراهی خۆیان ( شاری پڕ لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد) وەکو بلبل بۆلای گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەورەی چرا هاتن و کۆبوونەوە......

..............................................

..............................................

لە دواییدا ئاغای خەسرەوی بەرنامەی........ بە ئیتیلاعی حازران گەیاند:-
١- دوعای جەنابی مەلا حسەین مەجدی.
٢- نوتقی جەنابی پێشەوا و رەئیسی جەمهوری کوردستان.
٣- نوتقی جەنابی حاجی بابە شێخ.
٤- نوتقی ئاغای محەمەد حسەین خانی سەیفی قازی.
٥- ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی.
٦- ئەشعاری ئاغای هێمن شاعیری میللی.
٧- خوتبەی ئاغای سەید محەمەدی شەهزادە.

.................................

.................................

دوای دوعای جەنابی مامۆستا مەلاحسەین مەجدی نوتقی جەنابی پێشەوا و رەئیسی جمهوری بەرزی کوردستان:

کوردستان مەوقیعیەتی جوغرافیائیبیەکی مەخصوصی هەیە کەبێ پانەوە... و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێواندا فاسڵ و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بەسەریەکەوە و پێکەوە سکونیەتیان تێدا هەیە و دارای مالیکیەتی میللین دەوێدا. بەسەرهاتوو سەوابیقی تەئریخیان یەکە و عومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئادابو عاداتو رسومی میللیەکی وان کە هیچ جۆرە صەدەمە و هەوادیسێک نەیتوانیوە سیستیبیەک لە بناغەی میللییەتی ئەواندا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیمدا ............ هتد.

* (٢٢-١) قەرارێک کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ لەلایەن بیست هەزار نەفەر نمایندانی تەواوی طەبەقاتی ئەهالی کوردستانی شیمالی لە میتینگی شاری مەهابادیدا قەبول کراوە(٥)

.................................

.................................

ئێمە دەزانین و باوەڕمان هەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە موقەددەسەی خۆیان بە موەفەقیەت دەبەنەسەری. ئێمە نمایندانی تەواوی طەبەقات و کوردانی شیمالی کوردستان لە میتینگ کە لە شاری (مەهاباد)دا سازمان کردووە و ژمارەمان بیست هەزار نەفەرە، ئەوڕۆ ئارەزووی عمومی خۆمان ئیزهار دەکەین و لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین و ئیختیاری دەدەینێ:

١- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگا.
٢- ئینتخاباتی مەجلیس شورا دەست پێبکەن.
٣- حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن.
٤- هێزی موسەللەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.
٥- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتسادی بەرقەرار بکەن.
٦- لەگەڵ برا ئازربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن.

پایەداربێ کوردستانی ئازاد
بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بژی رەهبەری خەڵکی کوردستان
جەنابی قازی محەمەد

* (٢٣-١) پێشەوا لەناو هێزی پێشمەرگە و جەماوەردا [٦] پێشمەرگە خۆشەویستەکان لە بەیانی رۆژی ٣-١١-١٣٢٤.

بەیانی رۆژی ٣-١١-٢٤ هەموو سەریان لە خەوی مەستی هەڵێنا و گشت خوماری شەرابی سەربەخۆیی بوون، کە رۆژی پێشوو دەرخواردیان درابوو و ئەوەش پێویستی شکاندنەوە بوو، لەناکاو ساتی ٨ی بەیانی دەنگی «شەیپوری حازر بە» لە کانگای پێشمەرگەکان بڵند بوو لە ماوەی چەند دەقیقەدا تەواوی پێشمەرگەکانی کورد، لیزگە، قوڵ، دەستە، چل، لیک، پۆل خولاسە تەواوی هێزی کوردستان لە کاتێکدا بە تەجهیزاتی جەنگی رازابوونەوە سوارە و پیادە بە جوێ و بەشی موسەلسەل و تۆپخانە بە تەنێ، بە نیهایەتی شادامانی و روخۆشی ........ لە کانگا کۆبوونەوە و هەموو فەرماندەرەکان لە تۆڵبەکەوە بگرە تا سەرقول و لەسەر دەستی یەکەوە تا سەرکردە و لەناوداریەکەوە تا سەرلک و لەسەر پۆلەوە تاسەرهێز هەر یەک لەجێ خۆی دامەزرا... حەرەکەتیان کرد و هاتن تا واریدی شەقامی وەفایی بوون و فەرمانی راوەستان درا........... لەم کاتەدا رەئیسی جەمهوری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لەسەر شەقامی وەفاییدا دابەزی و رۆژباشی لە هەمووان فەرموو وەلەلایەن پێشمەرگەکان بە زیاتر «فیداکارم» جوابی عەرز کرایەوە ئەمجا ریاسەتی جەمهور یەکە یەکە نێوچاوانی ماچ دەکردن و ئەوانیش بەیعەتیان دەکرد، قەولی فیداکاریان تازە دەکردەوە، لەنێو جەرگەی سوپادا سەیدێکی پەنجا ساڵەیە و ردێن دارە، بێ‌وچان دەستی فەرماندەتی خۆشەویستی ماچ کرد و وتی: حازرم ئەو ردێنەم لە رێی دیفاع لە نیشتمان لە خوێندا شەتڵ بکەم. فەرماندەی خۆشەویست فەورەن ردێنی ماچکرد و ئافەرینی لێکرد... هتد.

* (٢٣-١) مەراسیمی سوێندخواردن لەلایەن پێشەواوە [٧]

.................................................

لەم کاتەدا رەئیسی جەمهوری بەرز بە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی فەرمو کە قورئانی موقەددەس و نەقشە و ئاڵای کوردستان حازر بکرێت بێ وچان هەیئەت کۆبوونەوە و دوو بە دوو لەپشتسەری یەک کەوتنە رێی و چون لە کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان قورئانی موقەددەسیان دەگەڵ ئاڵا و نەقشەی کوردستان دەگەڵ ئیحترامێکی فەوقەلعادە لەسەردەستی مەلا حسەین شکاک دانا و هەیئەت بە تەرتیبی هەوەڵ لەپشت سەری وی گەرانەوە تاگەیشتنەوە حوزووری پێشەوا: پێشەوا بەدەستی خۆی سەرپۆشی لەسەر قورئانی مووقەددەس و نەقشە و ئاڵای بەرزی کوردستان لابرد و مەراسیمی سوێندی: ئەمن بەخوا، بە کەلامی عەزیمی خودا بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بە ئاڵای مووقەددەسی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێکۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جەمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موطیع و وەفادارم، خوێندەوە و هەموو پێشمەرگەکان و نوێنەران و حازران

بەو سوێندە سوێندیان خوارد و قەولی وەفادارییان دا، پاش (٥) دەقیقە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی تەواوبوونی میتینگی ئیعلام کرد لە پێشدا پێشمەرگەکان مرەخەسی بوون و جەنابی ریاسەتی جەمهور تەشریفی چوو بۆ کانگای حیزبی دیموکرات و لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگیدا قەراری گرت و دەستە دەستە نوێنەرانی طەوایف و قەبایل و لکەکانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی شار و دێهات دەچوونە حوزووری پێشەوا و بەیعەتیان بەجێ دەهێنا. قەولی فیداکاری و وەفادارییان دەدا......

* (٢٤-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جەمهوری کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دیموکراتی کوردستان (٨)

شەوی ٢٤-١١-١٣٢٤ شەوێکی سەراسەر خۆشبەختی بۆ تەواوی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان بوو چون لەو شەوەدا پێشمەرگەخانە غەرقی نوری شادی بوو، تەواوی وەتاغەکانی بە جۆرێکی موجەللەل رازاببوونەوە. (٢٠) نەفەر کێشکچی تەشریفاتی کە هەموو ئەفسەربوون لەپێش دەرکی پێشمەرگەخانە بۆ تەشریفهێنانی حەزرەتی سەرۆکی جەمهور دامەزرابوو، هەموو جۆرە شیرینی و شەربەت بۆ پەزیرائی میهمانانی خۆشەویست لەسەرمێز دانرابوو دەستەی مۆزیک لە حاڵی تەرەنومدا بوو دەهۆڵ و زورنا لەپێش دەرکی پێشمەرگەخانی لێدەدرا و هەزاران برای بە ئیحساسات لەپێش دەرکی شادی و هەڵپەڕیندا بوون بەپێی کارتی ڕەسمی کە بۆ میهمانان ناردرابوو، میهمانانی خۆشەویست دەستە دەستە دەهاتن و ٦ وەتاغی تایبەتی پڕ لە میهمان بوون لەو ئانەدا ئۆتۆمبیلی حەزرەتی سەرۆکی جەمهوری دیاری دا و لەلایەنی فەرماندەی هێزی دیموکراتی کوردستان، فەرمانی ئیحترام درا مۆزیک و کێشکی تەشریفاتی ئیحترامیان بەجێهێنا حەزرەتی سەرۆکی جەمهور نیسبەت بە کێشکی تەشریفاتی ئیبرازی مەرحەمەتی فەرموو لە پاشان لەنێو چەپڵەرێزان و هووڕادا لەوەتاغی تایبەتی نرولی ئیجلالی فەرموو، هووڕا و چەپڵەرێزان ساتێک ئیدامەی هەبوو پاشان لەلایەن محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان لە عموم مەراسیمی بە خێرهاتن بە عەمەل هات بەپێی بەرنامە لەپاش وەرگرتنی ئیجازە وتاری ژێرەوەی بە عەرزی مێوانەکان گەیاند .........

لەدواییدا ئاغایانی نێوبراوی ژێرەوە هەرکەس بەیانێکی کرد و مەبلەغێکیان پول پێشکەشی هێزی کوردستان کرد ...............

لەدواییدا حەزرەتی سەرۆکی جەمهوری کوردستان لەپشت مێزی خیتابەوە راوەستا لە هەوەڵدا لە ئیحساساتی ئەو برایانە تەقدیری فەرموو و لە خصوصی بە ئارەزووگەیشتنی میللەتی کورد لە دەرگای خودای بێ هاوتا شوکری بەجێهێنا و بۆ یەکێتی و پێشکەوتنی میللەت نەصائیحێکی زۆری فەرموو و مەرحەمەتێکی زۆری نیسبەت بە فەرماندەی هێزی نواند پاشان لەنێو هووڕا و چەپڵەرێزاندا ساتی ٥ی شەو حەرەکەتی فەرموو لەنێو گاردی ئیحترامدا رابورد و مەجلیسی شادمانی لە ساتی ٨ی شەو تەواو بوو.

* (٢٥-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جەمهوری کوردستان لە چاپخانە و ئیدارەی رۆژنامە و «گۆواری کوردستان»(٩)

رۆژی ٥-١١-١٣٢٤ بە موناسەبەتی سەربەخۆیی و گۆواری کوردستان جەژنێکی موجەللەل گێرا لە ساتی دیاریدا بانگ کراوەکان کە عیبارەتبوون لە ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی و هەیئەتی

رەئیسەی میللی و کارگەرانی حیزبی دیموکرات .................

جەنابی سەرۆک جەمهوریش لە ساتی (٥) لە کاتێکدا کە گاردی تایبەتی مەراسیمی ئیحترامیان بەجێ دێنا سروود و مۆزیکی میللی کوردستان دەخوێندراوە و لێدەدرا تەشریفی وارید بوو وەلەسەر جێگەی تایبەتی خۆی نزولی ئیجلالی فەرموو وەیەک دەورەشەربەت و چای بە میوانەکان پێشکەشکرا.

پاش صەرفی چایی و شەربەت ئاغای عەلی خەسرەوی مدیری داخیلی چاپخانە جێژنی ئیفتتاح کرد و ........ بەرنامەی بە عەرزی حازران گەیاند ........... و ئەم وتارەی خوێندە ...............

* (٢٦-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لەلایەن کۆمەڵی یەهودی مەهاباد.(١٠)

رۆژی ٦-١١-١٣٢٦ لەلایەن کۆمەڵی یەهودی مەهاباد بە شادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێکی زۆر جوان گێرا چەند مغازە لە خیابانی قازیدا بە ئەنواعی پارچە رازابوونەوە و بەپێی بانگهێشتنێ کە لە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستان و نوێنەری حیزبی دیموکرات و سەرانی تەواوی قەبایل کرابوو دەستە دەستە .........

.....................

ئەم جەژنە ٤٨ سات دەوامی کرد و ئەم دوو وتارەش کە لەژێرەوە دەبیندرێن لەو جێژنەدا خوێندرانەوە: ................ هتد.

* (٢٦-١) پێشەوا هاوبەشی جەژنی سەربەخۆیی دەکات(١١)

رۆژی ٦-١١-١٣٢٤ لەلایەن ئاغایان شێرزاد و محەمەد حسەین خانی ئەمیری بەبۆنەی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوای موعەزەم، جەژنێکی زۆر جوان گێرا. لەم جەژنەدا ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و...... حازربوون و لەساتی ٤ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستانیش تەشریفی حازر بوو و لەلایەن عدەیەک لە نووسەران نوتقوخیتابە خوێندرایەوە و هێمنی شاعیری میللی ئەم شیعرانەی بە عەرزی حازرین گەیاند .........

* (٢٨-١) دیسان رۆژی ٨-١-١٣٢٤ لەلایەن تاجران و محتەرەمینی مەهاباد...... جەژنێکی بەشەوکەت گێرا ئاغای عەلی خوسرەوی ئەم وتارەی خوێندەوە: پاش عەرزی شادباش بە مەقامی پێشەوای موعەززەمی کوردستان وتی: ...........................

* ١-٢-١٩٤٦ پێشەوا هاوبەشی جەژنی سەربەخۆیی دەکات(١٢)

ساتی ٣ی پاش نیوەڕۆ رۆژی هەینی و ١٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ بە هۆی بانگهێشتنێک کە لەلایەن ئاغای جەعفەر کەریمی بە ئیفتخاری ئازادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێک لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگی کرا جەنابی حاجی سەید بابە شێخ سیادەت و جەنابی شێخ محەمەد مەعصوم...... و ژمارەیەکی زۆر لە عامەی ...... و ئاغایانی عەشایر و توجار و موحتەرەمین لە سالۆنی نێوبراو و حزووریان بوو ساتی ٣/٣٠ پاش نیوەڕۆ زاتی موعەززەم پێشەوا لە نێو هورا و چەپلەرێزاندا و شادی تەماشاچیان پەیدا بوو......

ئاغای جەعفەر کەریمی و ژمارەیەکی زۆر لە بانگکراوان خیتابە و ئەشعاری زۆر بەتین و نیشتمان پەرستانەیان خوێندەوە و کە لەژێرەوە دەهێنرێتە پێش چاو...........

* ٣-٢ پێشەوا سەر لە چاپخانە و ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان دەدات[١٣]

رۆژی ١٣٢٤/١١/١٤ کاتی رۆژئاوا ریاسەتی جەمهوری کوردستان بۆ نیگاهی چاپخانە و ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان تەشریفیان هێنا لەپاش پێڕاگەیشتن و تەشویق و پرسیار لە حاڵی کارگەران و ئومێدەوارکردنی هەمووان تەشریفیان گەڕایەوە:

* ٦-٢ پێشەوا بڕیار دەدا کتێبخانەیەک دابمەزرێ[١٤]

بە ئەمری ریاسەتی بەرزی جەمهوری کوردستان کتێبخانەیەک بۆ ئیستفادەی هەمرو بە تایبەتی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە ئیدارەی رۆژنامەدا دابمەزرێنین......

* ٦-٢ پێشەوا چەند هەیئەتێک دادەمزرێنێ [١٥]

لەم رۆژانەدا بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان بۆ پێڕاگەیشتن بەکارەکانی فەرهەنگ، ئەوقاف، داناتی دانشکدەی مەعقوول و مەنقوول و... چەند هەیئەتێک دیاری کراون رەجا دەکەین ئەو هەیئەتە موحتەرەمانە نەتیجەی ئیقداماتی خۆیان بۆ ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان بنێرن تا بە پێش چاوی هەمرو کەس بگا...

* ١١-٢ پێشەوا باربووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. باربابووکردنی پێشەوای موعەززەم بە حیزبی دیموکراتی کوردستان [١٦]

لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵام دراوە:

کەلەم دواییانەدا جەنابی پێشەوا و رەئیسی جەمهوری بەرزی کوردستان یازدە هەزار تمەنی باربووی حیزبی دیموکرات کردووە هێزی حیزب بە دڵێکی پاک و خوێنێکی گەرم بە مەقامی ریاسەتی جەمهور سوپاس عەرز دەکا و پایەداری و مووەفەقییەتی وی لە دەرگای خودا دەخوازین.

* ١١-٢ خەڵک راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ پێشەوادا دەکەن

عینوانی نوسراو بۆ ریاسەتی جەمهوری [١٧]

بەپێی دەستووری ژمارە ١١٥٩، ٢٢-١١-١٣٢٤ کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی، لە کاتێکدا میللەت بیەوێ دەردی دڵی خۆیان یا ئیحساساتێک بە نووسین پێشکەش رەئیسی جەمهوری کوردستان بکەن، عینوانی نوسراو تەنیا دەبێ: (رەئیسی جەمهوری کوردستان) بێت.

* ١٥-٢ جێگری پێشەوا و سەلامی رەسمی لە جێژنی مەولودا

سەلامی رەسمی بە موناسەبەتی جێژنی مەولود [١٨]

رۆژی ٢٦-١١-١٣٢٢، ١٢ رەبیع ئەلئەوەل ١٣٦٥ بە موناسەبەتی جێژنی تەوەللودی حەزرەتی رەسول سەلامی رەسمی بەجێهات.

هێزی کوردستان کە لە سەرتاسەری خیابانی قازیدا راوەستابوون و سەرکردان ئامادەی سەلام بوون لە ساتی ١٠ی بەیانیدا جەنابی حاجی سەید بابە شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسە لە کانگای حیزبی دیموکرات وە دەرکەوتن جەنابی حاجی سەید بابە شێخ (بەجێی جەنابی پێشەوا کە تەشریفی دەورۆژەدا لە ماڵ نەبوو)........

* ١٦-٢ پێشەوا فەرمانی دامەزراندنی کۆمیسونی ماڵیات دەدات[١٩]

لەسەر فەرمانی حەزرەتی رەئیسی جەمهور بۆ وسولکردنی مالییاتی دوو ساڵە بەفەوریيەت کۆمسیونی ماڵیاتی تەشکیل دراو بە دوو دەستە دانران یەک تێکەڵ لە چەندین ئەشخاسی راستەوپاک و هەر یەکەی لە سنفێک هەڵبژێردران بۆ مەرکەزی شاری مەهاباد یەک یەک پێشنیهادیان بە حوزووری رەئیسی جەمهور عەرزکرد......

کۆمیسونی دووەمی ماڵییاتی تەشکیل درا هەریەک لە عەشایر نماینەی خۆیان بە کۆمسیونی ناساند......

* ۱٦-۲ هەدیەی قورئان بە جەنابی پێشەوا (۲.)

..................

لەبەر ئەوە لەسەر قەراری هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەسویب کرا دیارییەکی تایبەتی کەوەسیلەی گەیاندنی عەقاید و ئیحساساتی دەروونی کوردان بە پێشەوای بەرز و رەئیسی جەمهوری کوردستان پێشکەش بکەن. زۆریان بیر دەکردەوە و تێفکرین ........... بەباش زانرا یەک جلد قورئانی مەجیدی ئەعلا .............. دەگەڵ دوو دانە بەرماڵ ........ هەدیە و خەڵات بکرێ ......

ئاغای حەیدەری دەگەڵ ئیحترامێکی زۆر کەلامولڵای عەزیی و دوو بەرماڵەکە لەسەر مێزی پێشەوا دانا و گوتی:

(لەخودا دەخوازم ئەم قورئانە یارویاوەری دنیا ویت بێ) پێشەوا بە نیهایەتی تەعزیم کەلامی عەزیی هەڵگرت و فەرمووی ئەورۆ بۆ نەتەوەی کورد لە قورئان عەزیز و گەورەتر نییە، ئەوا قورئانی عەزیم قەبول کرد و دوو بەرماڵەکەشم هەدیە کرد بە حیزب ...... پاشان ئاغای غەنی خوسرەوی گوتی: قوربان ئەمە شتێکمان لە قورئان گەورەتر نەبوو کە بە پێشەوای بەرزی هەدیە بکەین ئەوا قورئانمان هەدیە کردی و حازرین گیان و ماڵی خۆمان لە پێناوی جەنابتان بەخت بکەین و پێشەوای بەرز لە ئیحساساتی کۆمیتەی مەرکەزی ئیزهاری خۆشوەختی و بەزل و لوتف و مەرحەمەتی فەرموو......

*بۆ ژمارەی داهاتوو*

سەرچاوە و تێبینییەکان

۱- *رۆژنامەی کوردستان ۱ رۆژی ۱۱-۱-۱۹٤٦ ل۱ و٤ و پاشماوەکەی لە ژمارە (۲)دا بڵاوکراوەتەوە. لەم دوو ژمارەیەدا دەقی پرسیار و وەرامەکان بڵاوکراونەتەوە.

* وەک بە مێژووی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەدا دەردەکەوێ...... ئەو دیدەنییەش لە پێش رۆژی بڵاوکردنەوە دامەزراندنی کۆماردا کراوە. لەبەر بایەخی دیدەنییەکە بە باشم زانی کە پەنجەی بۆ رابکێشری.

* سەرباری گفتوگۆ بەم جۆرەیە: گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد.

* ئەم دیدە نییە و گفتوگۆی پێشەوا لەگەڵ سەرجەم دیدەنی وتارەکانی تریدا زیرەکی و دیپلۆماسییەتی ئەو پێشەوایەی کورد دەردەخەن.

* لەو بۆشاییەنەدا کە دوو سێ نوختە دانراوە زیاتر مەبەست لێی وشەیەکە کە نەخوێندراوتەوە.

۲-* هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل٤...


* ئەو بڕیارە لەژێر ئەم سەرباسەدا بڵاوکراوەتەوە: ئاگاداری بەم جۆرە دەستپێدەکات:

بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی (ساباڵاغ) رادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوای ...... هتد

هەروا بە ئیمزای کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان

معاونی حیزب تەهازادە
کۆتایی دێت.
* تێبینی: تەهازادە: سەید محەمەد تەهازادە-یە کە هەندێ جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و گێرانی جەژندا. نوێنەرایەتی پێشەوا قازی محەمەدیشی کردووە.
٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ٤-٢-١٩٤٦، ئەو بڕیارە لەژێر سەرباسی ئاگاداری- دا بڵاوکراوەتەوە.
٤-* ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ٢٤-٢-١٩٤٦ ل١و٣.
* پێشەکی وتارەکە درێژترە لەوەی نووسراوە.
* ژمارەی ئەوانەی وتاریان خوێندۆتەوە ٢٣ کەسە لە ڕۆژنامەکەدا دەرخراون.
* درێژەی وتارەکەی پێشەوا لەو ژمارەیە و لە ژمارە ١١دا هەیە.
دیسان وتارەکانی ئەو ٢٢ کەسەی تر لە ژمارەیەک لە دوای یەکەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.
٥- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ٢٨-١-١٩٤٦ ل١و٣.
* لەپێش ئەمەدا پێشەکییەکی دووردرێژ نووسراوە.
* سەبارەت بەوە کە ئەم بڕیارانەی کۆبوونەوە (٢٠) هەزار کەسییەکە زۆر گرنگ و مێژوویین و هەر ئەم ڕۆژەش ناسرا بە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بۆیە کرا بە ئەلقەیەکی زنجیرەی کرۆنۆلۆجین.
٦- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل١و٤.
٧- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل١.
٨- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ١٦، ١٧ (١٦و١٨و ٢٠/٢-١٩٤٦)، ل١و٤، ١و٤و١
لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە محەمەدی ئانەوازاوە کە وتارێکی باشی خوێندەوە، هێمنی شاعیر پارچە هۆنراوەیەکی خوێندەوە، دوای ئەو وتاری ئیسماعیل ئیلخانی زادە، برایم ئیلخانی زادە وتاریان خوێندەوە... دوای ئەمە لەبەر خراپ کۆپی کردن نووسینەکان نەخوێندرانەوە... لە دواییدا ١٣ کەس بۆ یارمەتی هێزی کوردستان هەریەکە بڕێک پارە لە (١٠) هەزار تا (٥٠) هەزار ریالیان پێشکەش کرد.
* چەندین کەس لەم کۆبوونەوەیەدا وتار و شیعریان خوێندۆتەوە و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.
٩- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧، ٢٠-٢-١٩٤٦ ل١.
ژمارە ١٨، ٢٣-٢-١٩٤٦ ل١و٤.
* لەم کۆبوونەوەیەدا عەلی خوسرەوی مودیری داخیلی چاپخانەی کوردستان، قادر مودەرسیی سەرۆکی بنکەی چاپخانەی کوردستان و سەید موحەمەد حەمیدی مدیر و سەردەبیری ڕۆژنامە و گۆواری کوردستان سەروتاری ڕێکوپێکیان خوێندەوە.
١٠- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٢، ٤-٣-١٩٤٦ ل١.
و لە ژمارە ٢٣ ل٣دا تەواو کراوە.
* یەکەم وتاری ئاغای محەمەدی قادری و دووەم هی ئاغای خضر داودزادە خوێندراوەتەوە...
١١- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، ١٧-٣-١٩٤٦ ل١.
* هەر لەم ژمارەیەدا لەلاپەرەی یەکەم لەگەڵ وێنەیەکی پێشەوا وتارێک نووسراوە لەسەر مێژووی ژیانی پێشەوا دەرخراوە کە لە ١١ی بانەمەری ساڵی ١٢٧٩ هـ - شەمسی بەرانبەر بە ٢ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١٨ عیجری - قەمەریی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە...... هتد درێژەی لە لاپەرە چواری ئەم ژمارەیەدا هەیە.
١-١١ ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان ژمارە، ل١.
١٢- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٠، ١٢ خاکەلێوە- ١٣٢٥.
* جەعفەر کەریمی، مایور، معاوینی حەربی وەزارەتی هێزی کوردستان بوو.
تێبینی: * لە ژمارە ٣١-٤٢ بەردەستم نەکەوتوون.
* لە ژمارە ٤٣ بەشدا بە هۆی چل وشەشەمین ساڵەی لە دایکبوونی پێشەوا و ڕێککەوتی ئەو بیرەوەرییە لەگەڵ جەژنی یەکی ئایاردا شیعر و وتار نووسراوە.
١٣-* ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، ٦-٢-١٩٤٦ ل٣.
* ئەو هەواڵە لەژێر سەرباس (پێراگەیشتن - دا) بڵاوکراونەتەوە.
١٤- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، ٦-٢-١٩٤٦ ل٣.

* ئەوە لەژێر سەرباسی (ئاگاداری) بڵاوکراوەتەوە.
وەسەبارەت بەوە کە مێژووی دەرکردنی بڕیارکە دانەنراوە. بۆیە هەر بە چاکتر زانرا کە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەو ژمارەیەدا دانرێ.
١٥- * ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان ژمارە ل٣.
* ئەو هەواڵە لەژێر سەرباسی (بۆ خوێندنەوە)-دا بڵاوکراوەتەوە.
* دیسان ئەم بڕیارەش بێ مێژووە، بۆیە هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی بۆ دانراوە.
١٦- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٣، ١١-٢-١٩٤٦ ل٣.
* مێژووی ئەو بارپوکردنە نەنوسراوە، بۆیە هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەکەدا بە پەسند زانرا.
١٧- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل٣.
١٨- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢١، ٢-٣-١٩٤٦ ل٤.
* بڕیارەکە لەژێر سەرباسی (ئەخباری نێو خۆمان)دا بڵاوکراوەتەوە.
وە بە درێژیی لەسەر چۆنیەتی گێرانی جەژنەکە دەنووسێ و لە سەعات ١ی پاش نیوەڕۆ دوایی دێت.
١٩- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ١٦-٢-١٩٤٦ ل٢.
هەر بەو جێگەیەدا کە لەژێر سەرباسی (مالیات)دا بڵاوکراوەتەوە بە درێژی جۆر و چۆنیەتی خڕکردنەوەی مالیات و هەڵەکانی سەردەمی پێشوو لە وەرگرتنی بەرتیل و زوڵم کردن دەردەخات.
* مێژووی بڕیارەکە نەنووسراوە، بۆیە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکەدا دانراوە.
٢٠- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل٣.
* دیسان هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی بۆ دانراوە سەبارەت بەوە کە مێژووی ڕووداوەکە نەنووسراوە.
* هەر لەو ژمارەیەدا بە درێژی لەسەر ئەو موناسەبەتە نووسراوە.



# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە سێ - ١٩٩٢



## کۆماری دیموکراتی کوردستان

*کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان*

# پێشەوا لەسەردەمی سەرۆک کۆماریدا

مەحموود مەلا عیزەت

(بەشی دووەم)

*** ٢٢-٢-١٩٤٦ هاتنەوەی پێشوا: (٢١)**

شەوی ١٣٢٤/١٢/٣ ساتی ٨ پاش نیوەڕۆ جەنابی پێشەوای کوردستان کە تەشریفی بەسەفەر چووبوو موراجەعەتی فەرموو.

*** ٢٣-٢ پێشەوا لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگیدا: (٢٢)**

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٤ جەنابی پێشوای کوردستان لە ساتی بەیانی بۆ پەزیرایی لە ئاغایانی کە بە حوزووری شەرەفیاب دەبون تا ساتی ١٢ لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگی حازر بوو. ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و هەیئەتی رەئیسەی میللی روحانیان و توجار و موحتەرەمین و نوێنەرانی لکەکانی حیزبی دیموکرات بە حوزوور موشەرەف بوون.

پێشەوا لە مزگەوتی جامیعەی مەهاباد وتاری دەدا.

* ٢٣-٢ پێشەوا لە مزگەوتی جامیعە لە مەهاباد پاش نوێژی لە بابەت ئەهەمییەتی یەکیەتی کورد و ئازربایجان و قیمەتی ئەزافەتی عومومی و تەئمینی ژیانی هەزاران و خوێندنی پیاو و ژن، کوڕ و کچی کوردستان نوتقی فەرمو لە نوتقەکەیدا زۆر لە بابەت فەرهەنگەوە دوا وەلەلایەن خەڵکییەوە دەگەڵ ئیحساساتی نیشتمانپەرستی فەرمایشی وەرگیرا وەقەولیان دا کە هەموو موطیعانە بۆ بەجێهێنانی ئەوامیری پێشەوای خۆشەویست ئامادەن وەگەورە و چکۆلە بۆ خوێندن و پێشکەوتنی فەرهەنگ هەوڵ بدەن.

*** ٢٥-١ پێشەوا لە جێژنی ٢٨ ساڵەی هوردوی سوور وتاری دەدا: (٢٤)**

ڕۆژی ٦ی ڕەشەمەی ئەو ساڵ لە ساتی ٨ بەیانی را کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆن جوان و ڕازاوە و وێنەی پێشەوای خۆشەویست ببوە نقێمێکی گەوهەرین.

نزیکی دەهەزار کەس خەڵکی شار و لاو و کچ و ژن و منداڵ و پیر وەک کولە دەوری وان کۆببوونەوە.

پێشەوای خۆشەویست لە نێوەراستدا وەک مانگ لە نێو ئەستێرەکاندا دەینواند رووی کردە خەڵکەکە و لەبارەی نرخی ئەو رۆژە و چۆنیەتی شورەوی لەپێش هەرای ئۆکتۆبەردا و لە بەرهەمهاتنی هۆردوی سوور...... هتد.

*** ٢٨-٢ پێشەوا بەخێرهاتنی بارزانی دەکات:(٢٥)**

جەنابی ئاغای مەلا مستەفا قائیدی کوردی بارزان رۆژی ٢٤/١٢/٩ ساتی ٥ی پاش نیوەرۆ واریدی مەهاباد بوو. وەختێ گەیشتە نێو باغان ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوازیان لێکرد وەختێ جەنابی مەلا مستەفا لە چۆمی پەرییەوە بە ئیحتیرامی ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی هەنگاویان توند کرد و لە قەراخ چۆمی پێکگەیشتن.

برای خۆشەویست صدیق حیدەری مەراسیمی بەخێرهاتنی بە جێهێنا و هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بە مەلا مستەفا ناساند و ئەویش دەستی لەناودەستی هەموان ناو لە نیهایەتی خۆشیدا بۆ کانگای حیزبی دیموکرات هاتن و لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگ دانیشتن و لە ساتی ٦ حەزرەتی پێشەوای کوردستان بەپێی (القادم بزار) تەشریفی بۆ کانگە هاتوو و مولاقاتی دەگەڵ مەلا مستەفا فەرموو. لەو وەختەدا محەممەد ئەفەندی خیتابی بە حەزرەتی پێشەوا، خیتابێک کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا مستەفا بوو لە خسوس خۆ دەپێناونانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە رێی سەربەستی کوردستاندا، خوێندەوە. وەجەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوە و ئەوانی بێ ئەندازە بە حکومەتی کوردستان و حیزبی دیموکرات ئومێدەوارکرد.

پاشان حەزرەتی پێشەوا تەشریفی بردە سالۆنی تایبەتی خۆی ئینجا مەلا مستەفا بە حزووری شەرەفیاب بو وە ماوەی دوو سەعات پێکەوە خەریکی گفتوگۆ بوون.

***٤-٣-١٩٤٦ بارزانی دیدەنی پێشەوا دەکات:**

زەعیم مەلا مستەفا و ئەفسەرانی محەممەد مەحموود، عبدالرحمن تەیب مفتی تەشریفیان بردە خزمەت پێشەوای موعەزەمی کوردستان... هتد(٢٦)

*** ٦-٣ پێشەوا هاوبەشی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان دەکات کە شەریکەتی تەرەقی کوردستان پێی هەستاوە:(٢٧)**

بە بوونەی جێژنێکی کە لە لایەن ئەعزای شەریکەتی تەرەقی کوردستان و طەبەقەی بەزازانی مەهاباد بە بۆنەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کرابوو ساتی ٣ پاش نیوەرۆ مەجلیس جەژنی دایر بوو وەحەزرەتی پێشەوا و جەنابی حاجی سەید عەبدوڵلا شەمزینی و جەنابی حاجی سەید بابە شێخ سیادەت و حاجی بایز ئاغا و مەحموود ئاغای ئیلخانیزادە و طەبەقاتی عولەما و ئاغایانی عەشایر و توجار و موحتەرەمینی شاری مەهاباد و تەشریفیان بوو......

لە پاشان حەزرەتی پێشەوای بەرز خطاب بە حضار فەرموی:

یەکانە حەملەی دوژمنان حەملەی ئیقتیسادیە و هەمیشە خەریک دەبن کە لەو ڕێگایەوە ئینقیلاب دەخەنە نێو میللەتی مەسەلەن مەسئەلەی توتن کە دەوڵەتی ئێران خەریکە بەوەسائیلی نیفاق و دوبەرەکی لەنێو کورداندا پێک بینێ. لازمە کە ئێمە ڕێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە.

شەریکەتی تەرەقی دەبێ و تەوسەعەی پێ بدرێ وە ڕەوابیتی تیجارەتی لە هەموو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ حکومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە دەبێ وەزعی خۆی وەکو دونیای ئەورۆ تەغییر بدا... هتد.

*** ٢١-٣-١٩٤٦ پێشەوا هاوبەشی جەژنی نەورۆز دەکات:(٢٨)**

ڕۆژی ٥ شەمو هەوەڵی ساڵی ١٣٢٥ کاتێک کە هەتاو لەپشتی کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرزکرد و بە تیشکی تینداری خۆی مزگێنی بەهاری تەڕوتازە و ڕویشتنی سەرماوسولی زستانی بە آفریدەکانی خوای بێ هاوتا دەدا، مەهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) و دانیشتوانی خۆی........

لەم کاتەدا کە قوتابی و سارباز‌ەکان و خەڵکی شار مەستی طەبیعی ئازادی و جێژنی نەورۆز و هاتنی فەسلی بەهار بوون فەرمانی خەبەردار و دەنگی سەلامی ڕەسمی موزیک کە تەشریفهێنانی سەرداری مەحبوب و پێشەوای مەزنی ئیعلام دەکرد وەخەبەرهاتن. زاتی موقەددەسی پێشەوا لە پاش گرێدانی گزارشات کە بەوەسیلەی فەرماندەی هێزدرا داخلی ناو کۆمەڵی مەدرەسەکان بوو: هەوەڵ بە کچەکان و کورەکانی فەرموو شادبن کچەکانم. شادبن کورەکانم (خەڵک بە گوێ لێبونی) ئەو دوو وتەیە لەبەر شادی فرمێسکیان دەڕژاند) هەر بەم جۆرەش بازدید و شادباشی لە پێشمەرگەکانی هێزی کوردستان و بارزان فەرمو. پاش چێپیرۆزە و ڕۆژباشی ڕۆژی تەشریخی نەورۆزی کرد و فەرمووی:

ئەو ڕۆژانە تورکیا و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن و دەیانەوێ پەیمانی مەنحوسی «سەعد ئاباد» کە مادەیەکی بە زیانی کوردانە ئێستاش هەر بۆ دوژمنایەتی کوردان تازەی بکەنەوە.........هتد.

*** ٢١-٣ پێشەوا فەرمانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەردەکات:(٢٩)**

برایانی خۆشەویست و نەخوێندەوار کەتا ویستا لەبەر نەبوونی وەیان زوڵم بلەوزەکان نەیانتوانیوە لە نیعمەتی زانست و فەرهەنگ بەهرەوەر بن ئەوا بینا بە ئەمری موبارەک پێشەوای بەرز قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیوکراتی کوردستان لە هەوەڵی ساڵی تازە ١-١-١٣٢٥ چەند پۆل لە مەدرەسەی کوردستان شەوانە بۆخوێندەوارەکان کراوەتەوە بە هۆی ئەو نووسراوە بە

ئێوه رادەگەیەنرێت کە شەوانە مورەتەب حازربن تا له موددەیەکی کەمدا زمانی دایکی خۆ فێربن هیوادارم کە له بوونی ئەم نیعمەتە پێشدەستی بکەن و ئەگەر خودای نەخواستە بە پێچەوانەی ئەو دەستووره رەفتار بکرێت فەرهەنگ مەجبور دەبێ کە بە وەسیلەی شارەوانی نەخوێندەواران بۆ خوێندن جەلب کات.

*** ٢٧-٣ پێشەوا و وتاری ئافرەتێکی کورد: (پای حلب سمایل فرجی وتارێکی له رۆژنامەی کوردستاندا بەو سەرباسە نوسیوه و پێشەواش سوپاسی دەکات و رۆژنامەکەش بەم جۆرە بلاوده کاتەوه)**(٣٠)

راگرتنی ئازادی له گیان و مال بوردنی دەوێ

پای حلب سمایل فرجی

ماوەیەکی دووروودرێژ بوو کە کورد زنجیری دیلی لەمل و له سیاچالی بەدبەختی و پەریشانیدا گرفتار و سەرنوشتی بە دەس بێگانەوه بازی پێدەکرا... هتد.

پایەدار بێت پێشەوای بەرزی کورد

سەرکەوێ ژنانی کورد

کوردستان: ئەم وتاره بە نەزەری پێشەوای بەرزی کوردستان گەیشت و لەو ئیحساساتە خاوێنە کە نموونەی جولانەوه و وشیار بوونەوەی ژنانی کوردە. سوپاسی دەکەین......

*** ٢٣-٤-١٩٤٦ مەتنی پەیمانی یەکیەتی و برایەتی حکومەتی میللی کوردستان و ئازربایجان:**(٣١)

چونکە میللەتی ئازربایجان و کوردستان هەموو کات له قازانج و زیاندا پێکەوه شەریک بوون و له عەینی حالیشدا تا ویست بە دەست ئیستیعمار و ئیستیلاجویانەوه بۆ ئەو دوو میللەتە یەیەک ئەندازه فشار و لەطمە وارید کراوه...جا لەبەر ئەوه له رۆژی سێ شەممو ٣ی بانەمەری ١٣٢٥ ساتی ٥ ئێوارەێ له شاری تەوریز له عەمارەتی میللی ئازربایجان بە حزوری سەرانی حکومەتی میللەی کوردستان رەئیسی حکومەتی میللی کوردستان جەنابی قازی محەمەد ئاغای سەید عەبدوللا گەیلانی عضوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاغای عومەرخانی شەریفی عضوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رەئیسی عیلی شکاک. ئاغای محەمەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری هێزی حکومەتی میللی کوردستان، ئاغای رەشید بەگ جهانگیری عضوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات و رەئیسی عێلی هەرکی ........هتد.

*** ٢٥-٤ پێشەوا و سەرۆک وەزیرانی ئازربایجان:**(٣٢)

رۆژی ٥ شەممو ٥-٢-١٣٢٥ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازربایجان و سەرانی فیرقەی دیموکرات چونە شارگلی و هێزی ئازربایجانیان

سەرکەش کرد.

*** ٢-٥-١٩٤٦ تەشریف هێنانەوەی پێشەوا:(٣٣)**

شەوی ١٢-٢-١٣٢٥ ساتی ٩ حەزرەتی پێشەوای کوردستان کە ماوەیەک بوو تەشریفیان بۆ بەستنی موعاهەداتی سیاسی و ئیقتیسادی دەگەڵ حکومەتی موحتەرەمی میللی ئازربایجان بردبوە تەورێز لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کارگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا گوێگتەپە لە پێنج ماشێندا بە پێشوازەوە چووبوون بە موەفەقییەت و شانازییەکی تەواو موراجەعەتی فەرموو......هتد

*** ٢-٥ نوتقی حەزرەتی پێشەوا لە پێش رادیو:(٣٤)**

رۆژی ١٢-٢-١٣٢٥ ساتی ٦ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی محەممەدی قازی پێشەوای موعەززەمی کوردستان نوتقی ژێرەوەی بە هۆی رادیو بە گوێی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بلیندگۆ بڵاوکرایەوە: برایانی خۆشەویست، لە دامەزراندنی دەستگای رادیۆ و ئەم موەفەقییەتە کە دەستتان خستوە تەبریکتان لێدەکەم چونکە لەوەختی کردنەوەی دەزگای رادیۆ لێرە نەبووم. ئێستا ئیحساساتی خۆم...... هتد.

*** ٥-٥ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەچێ بۆ تەورێز:(٣٥)**

لە رۆژی یەک شەممو ١٥-٢-٢٥ حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان لە کاتی تەشریف بردنی بۆ تەورێز لە نێوان تەواوی سەرانی عەشایری مەنگور و مامەش و زەرزا و گەورەک و دێبکوری و قەرەپاق و ئەفسەرانی بنیاکی هێزی دێموکراتی کوردستان فەرموی: برایانی خۆشەویست، لە کاتێکدا کە ئوردووی سوور لەنێوماندا بوو دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاودەکردەوە، کە داوا و ئیدعای کوردان هەموو بە هۆی سیاسەتێکی خارجیە کە مەقسوودیان ئوردووی سوور بووە، بەڵام ئەورۆ بە ئاشکرا... هتد.

*** ١٠-٥-١٩٤٦ هاتنەوەی حەرزەتی پێشەوا:(٣٦)**

رۆژی ١٣٢٥/٢/٢٠ ساتی ٦ پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستان و جەنابی ئاغای حاجی سەید بابە شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان لە تەورێز گەڕانەوە و لە کانگای حیزبی دێموکراتی کوردستان دابەزین.

حەرزەتی پێشەوا لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی کاربەدەستانی حیزبی دێموکرات و سەرکردانی کوردستان لە کاتێکدا کە ئاکاری خۆشحاڵی و موەفەقییەت لەنێوچاوانی حەزرەتی پێشەوادا دەبینرا شەرەفیا بوون و پاش نیو سەعات حەسانەوە نوتقی ژێرەوەی لە بەرامبەر ئیراد فەرموو:

دوژمنانی کورد وایان بە شورەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییە و بە ڕۆیینی هێزی سوور تێکدەچێ. درۆبوونی ئەو ئیدیعایە و......هتد.

* ١٨-٥-١٩٤٦ بڵاوکردنەوەی فەرمانی جمهوری لەسەر قەدەغەکردنی هاوردنی توتن و تریاک بێ ئاگاداری حکومەتی کوردستان:(٣٧)

* ١٨-٥-١٩٤٦ لەسەر بریار و موافقەتی سەرۆکی موعەزەمی جەمهور لەمەڕ قەدەغەکردنی جنسی مەلەوەر سەپارەت بەوە کە لە کوردستاندا هەیە.(٣٨)

* ٢١-٥-١٩٤٦ نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە میتنگی رۆژی ٣١-٢-١٣٢٥:(٣٩)

حەزرەتی پێشەوا و رەهبەری کوردستان رۆژی ٣١-٢-١٣٢٥ لە میتنگی ئەو رۆژەدا کە تەواوی سەران و سەرکردان و ژەنرالان و مەزنانی کوردستان و چەند هەزار کەس پیا و ژن و فلەخویو جوتیر حوزووریان بوو ئەم نوتقەی ژێرووی خیتاب بە حازران ئیراد فەرمو.

برا خۆشەویستەکانم ............. هتد.

* ٢٧-٥-١٩٤٦ لەسەر ئەمری موبارەکی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان وەزارەتی پۆست و تەلەگراف و تەلەفۆن...... هتد.(٤٠)

* ٨-٦-١٩٤٦ بەخشنامە: (٤١)

لەسەر فەرمانی ژمارە ٢٩٤/ ١٨-٣-١٣٢٥ پێشەوای موعەززەم بە تەواوی پێشمەرگان و ئەفسەرانی هێزی کوردستان رادەگەیەندرێت کە لەمەودوا ئیحتیراماتی نیزامی نیسبەت بە ئەفسەرانی ئازربایجان وەکو ئەفسەران و دەرەجەدارانی حکومەتی میللی کوردستان بە عەمەل بهێندرێ و موراعاتی بکرێ.

* ٦.١٠ عەزیەتی پێشەوا:...... هتد (٤٢)

رۆژی ٢٠-٣-١٣٢٥ ساتی ١٠ی بەیانی حەزرەتی پێشەوای کوردستان عەزیەتی فەرموو.

* ١٣-٦ پێشەوا و هەڵبژاردن لە بیمارستان: (٤٣)

لە وەزارەتی بیهداری ئیتیلاع دەدرێ کە چەند رۆژ لەوەپێش لە بیمارستان هەڵبژاردن بەجێ هاتوە و ئەم پیاوانەی نێونوسراوی ژێرەوە بە هەیئەتی رەئیسە هەڵبژاردران.

١- حەزرەتی پێشەوا موعەززەم.

٢- ئاغای مەلا عەبدوڵلای مودەریسی.

٣- ئاغای عەزیز خەسرەوی...... هتد.

* ١٦-٦ چونی حەزرەتی پێشەوا بۆ سەرا:(٤٤)

رۆژی ٢٦-٣-١٣٢٥ رادیۆی کوردستان وەلامی دا کە حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە ئەورۆژەوە چۆتە دێی سەرا دەگەڵ سەرتیپ رەزم ئارا گفتوگۆیان بووە وەئێستا خەریکە بۆ جەبهەکانی راپگا و دەستوراتی پێویستیان بۆ صادیر بفەرموێ.

*** ١٦-٦ پێشەوا مەدالیای قارەمانی دابەش دەکات:(٤٥)**

پێشەوا مەدالیای قارەمانی دەدا بە (١١) کەس لە پاڵەوانانی شەڕی مامەش کە بە سەرکردەی مستەفا خۆشناو کرا.....هتد

*** ٢٠-٦ نوتقی حەزرەتی پێشەوا راجیع بە جەنگی مامەشای سەقز.(٤٦)**

شەوی ٣-٣-١٣٢٥ حەزرەتی پێشەوای کوردستان کە لە تەوریز را بۆ پیراگەیشتن بە مەڵبەندەکانی جەبهە تەشریفی چووبوو گەڕایەوە و بەیانی ساتی ٨ لە عەمارەتی پێشەوا حازر بوو...........

لە پێشدا حەزرەتی پێشەوا لە بابەت پەیمانێکەوە کە لە نێوان ئازربایجان و تاراندا بەستراوە گەلێک دواو...... هتد.

*** ١٢-٧-١٩٤٦ پێشەوا دەچێ بۆ تاران: گوزارشی هەفتەیی:**

دەنگ و باسی هەرە موهیمی هەفتەی رابردوو تەشریف بردنی پێشەوای مەحبوبمان بۆ تاران. پێشەوا رۆژی دووەمی ئەو رۆژەی کە لێرە مسافەرەتی فەرموو لە تەوریزەوە بە تەیارە بۆ تاران. مسافەرەتی فەرموو لە ماوەی دوو سەعات و نیودا گەیشتە فرودگەی تاران. لە فرودگا لەلایەن نمایندەی أغای قوام السلطه نخست وەزیر و عودەیەکی زۆر لە کوردانی ناشتەجێی تاران و ناسیاوان لە پێشەوا پێشواز کراوە لە میوانخانەی دەربەند ...........هتد.

*** ١٢-٧ پێشەوا دەگاتەوە تەوریز:(٤٨)**

پێشەوای مەزنی کوردستان بە فرۆکە لە تاران دوێنێ سەعات ٨ی بەیانی لە کاتێکدا عودەیەکی زۆر لە رجاڵ و موحتەرەمین و شاگردانی مەدارێسی ئازربایجان بە پێشوازییەوە چوون تەشریفی گەیشتەوە تەوریز.

*** ١٧-٧ پێشەوای مەزنی کوردستان، کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە :(٤٩)**

حەزرەتی پێشەوا کە لە سەفەری تاران گەڕایەوە چەند رۆژێک تەشریفی لە تەوریز ماوە و رۆژی ١٣٢٥/٤/٢٦ کە خەبەری هاتنەوەی بە مەهاباد گەیشت هەیئەتی کۆمیتەی مەرکەزی و سەرانی حکومەتی میللی و سەرکردانی ئەرشەدی کوردستان و موحتەرەمین........ هتد.

*** ١٧-٧ موصاحەبەی نوێنەری رۆژنامەی رەهبەر لەگەڵ پێشەوای مەزنی کوردستان:(٥٠)**

پێرەکە سەعات ٦ دوای نیوەرۆ ئاغای قرشی ئەندامی هەیئەتی نووسەرانی رەهبەر...... لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد رەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دوو رۆژ پترە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هاتۆتە تاران موصاحەبەی کرد و شەرحی ئەو موصاحەبەیە لە خوارەوە بە نەزەری خوێنەوەاران دەگا......... هتد.

*** ٢٦-٧ هەزیەتی پێشەوای مەزنی کوردستان بۆ ورمێ:(٥١)**

رۆژی جومعە ٤-٥-١٣٢٥ پێشەوای مەزنی کوردستان بۆ هەندێ کاری ئیصلاحەتی تەشریفی فەمور بۆ ورمێ بۆ لای برادەرەکوردەکانی شمالی رۆیشت و لەوەختی حەرەکەتدا ................ هتد.

*** ٣٠-٧ پێشەواز لە پێشەوای بەرزی کوردستان لە ورمێ:(٥٢)**

ئاغای میرزا غەنی خەسرەوی شارداری مەهاباد بە تەلگراف خەبەری گەیشتنی پێشەوای مەزنی بە ئاغای ژەنراڵ حەمە حسەین خانی سەیفی قازی داو...... نوسیویتی......؛ هتد.

*** ٣٠-٧ نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان. جەنابی قازی محەمەد لە کاتی گەیشتنی بۆ ورمێ:(٥٣)**

٤-٥-١٣٢٥ سەعاتی ١١.........................

حەزرەتی پێشەوای موعەززەم لە سەرەتای نوتقەکەیدا ئەم ئایەتە موبارەکەی خوێندەوە: (کتب علیکم القتال وهو کره لکم وعسی ان تکرهو شیئا وهو خیر لکم... الخ) لە دوای خوێندنەوەی ئایەتەکە نوتقی بە تەرتیبی خوارەوە دەستپێکرد:

ئێوە هەمووتان ئاگادارن کە کورد لە ڕێگای ئازادیدا زۆری بەخت کردووە و لە مقابل ئیستیعماردا ملە و موبارەزەی دەوام پێداوە...... هتد.

*** ٩-٨-١٩٤٦ گەڕانەوەی حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان:(٥٤)**

رۆژی ١٨-٥-١٣٢٥ سەعاتی ١٢ خەبەری هاتنەوەی حەزرەتی پێشەوای مەزنی کوردستان کە چەند رۆژ لەوێ پێش دەگەڵ جەنابی حاجی سەید بابە شێخ سیادەت بۆ دیتنی شارانی ورمێ، شاپور، خۆی، ماکۆ و... کوردستانی شیمال تەشریفیان چووبوو بە مەهاباد گەیشت...........هتد

وەلەسەعاتی ٢و٢ حەزرەتی پێشەوا نوتقێکی راجیع بە تەشەکور لە خەڵکی گوزاریشی موسافەرەتی خۆی دەبەرانبەر میکرۆفۆن ئیراد فەرموو کە لە ژمارەی دواییدا بۆ ئاگاداری خوێندەوارانی خۆشەویست چاپ دەکرێ.

*** ٩-٨ قوتابخانەی تێکەڵی کوردی و عیبری:(٥٥)**

........ لەژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەززەم و مەحبوبی کوردستان و نەزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بە نێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە پێویستە لە برواری ئەو ئاگادارییەوە منداڵانی خۆتان چ کوڕ و چ کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە ڕووبەڕووی عەمارەتی داودزادەیە موغەریفی...... هتد.

*** ٩-٨ نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان:(٥٦)**

برایانی خۆشەویست ئەو سەفەرانەی کە من دەیانکەم و لە وەختی هاتنەوەدا تەواوی ئەهالی لە

رووی ئیحساساتی نیشتمان پەرستییەوە ئیحساساتی خۆیان دەنوێنن و گەورە و چکۆلە دێن بە پێشوازەوە هەموو ماندوبوون و زەحمەتێکی سەفەرم لەبیر دەباتەوە. ئەوەی کە عەرزو دەکەم، زەحمەتی سەفەر لەبەر ئەوەیە کە مەشهورە زەحمەتی هەیە دەنا ئەمن هەر سەفەری کە کردبێتم بابیکەم هەر چونکە بە ڕێگای میللەتی دایە بە مونتەهای سەعادەت و خۆشبەختی دەزانم. بەڵێ زەحمەت نییە بەڵکو لەزەتە ئەو سەفەرەی دوایش کەمن کردم لە زمندا شارەکانی ورمێ، شاپور، خۆی، ماکوم دیبوون. کورد و مەڵبەندەکانی کوردستان گەرام بۆ ئەوە بوو کە برا کوردەکانی خۆم لە نزیکەوە ببینم و ئاشنای ڕوحیەی ئەوان ئاشنابم وەپێمگوتن ئەوە بۆخۆتان دەزانن کە ئێمە نەهزەتێکی گەورەمان کردووە و لەم ڕێگەیەدا زۆرمان زەحمەت کێشاوە و گەلێکیان فیداکاری نواندوە ئێستاش ئێوە ئەگەر ئەم کارەتان لەبەر گرانە هیچ مانیعێکی نییە مومکینە کوردی هەر مەڵبەندێک دەگەڵ ئەو شارانەی ئازربایجان کەلێیان نزیکە هاوکاری بکەن.................

............................. هتد.

*** ٨-١٥ لەسەر دەستووری حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان، جەنابی ئاغای مەلا عەبدوڵلای مودەڕیسی (مزگەوتی ڕوستەم بەگ) بە خەتیبی ڕۆژانی جێژن لە مزگەوتی جامیعە دیاریکراوە.....هتد.(٥٧)**

*** ٨-١٨ لەسەر سوننەتی حەزرەتی ڕسالەت (صلی الله علیه وسلم) و دەستووری حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان، پێویستە بۆ نوێژی جێژنە..... لە مزگەوتی جامیعە..... نوێژی جێژن بەجێ بێنن..... هتد.(٥٨)**

*** ٨-٢. لەسەر ئەمری حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان و دەستووری ئیداری ئەوقاف وا قەراردارکراوە کە دەبێ بۆ نوێژی جێژنان وەکو نوێژی جومعە لە مزگەوتی جامیعەوە خۆبێن و بەم تەرتیبە شەوەکانی جێژنە خەڵکی هەر گەڕەکێک لە مزگەوتی مەربوتەی خۆی..... هتد.(٥٩)**

*** ٨-٣. گەڕانەوەی حەزرەتی پێشەوا:(٦٠)**

شەوی ٩-٦-١٣٢٥ دوای نیوەشەو حەزرەتی پێشەوای موعەززەمی کوردستان کە ٨ ڕۆژ بوو تەشریفی چووبووە تەوریز گەڕابەوە و واریدی مەهاباد بوو.

*** ٢-٩-١٩٤٦ پێشەوا ئامادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئینتیلاف ڕادەگەیەنێ:(٦١)**

تەلگرافێک بە مەزموونی ژێرەوە لەلایەن جەنابی ئاغای قازی محەممەد پێشەوا و ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان موخابەرە کراوە:

تاران- جەنابی ئەشرەف ئاغای قوام ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی ئێران.

ڕوونوس- جەنابی ئاغای دکتور کشاوەرز ڕەهبەری حیزبی تودەی ئێران.
ڕوونوس- جەنابی ئاغای صالح ڕەهبەری حیزبی ئێران.
ڕوونوس- تەوریز، جەنابی ئاغای پیشەوەری ڕەهبەری فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان.
ڕوونوس- تاران، ئاغای..... سەدری فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان.
بە ئیحترامەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئیئتیلاف دەگەڵ ئەحزابی ئازادیخواز (دیموکراتی ئێران- تودەی ئێران- دیموکراتی ئازربایجان- حیزبی ئێران) ڕادەگەیەنێ و ئەم ئیئتیلافە موجیبی سەعادەت و عەزەمەتی میللەتی ئێران دەزانم و بەم وەسیلە جەنابی ئاغای سەدری قازی لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ گفتوگۆی پێویست و ئیمزای ئیئتیلاف نامە بە نمایندە معریفی دەکەم.

ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان
محەمەد قازی

سەرچاوە و تێبینییەکان:

٢١- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩، ٢٥-٢-١٩٤٦ لە٤.
* ئەو هەواڵە لەژێر سەرباسی (ئەخباری نیوخۆمان) دا بڵاوکراوەتەوە.
٢٢- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩، ٢٥-٢-١٩٤٦ لە٤.
* دیسان لەژێر سەرباسی (ئەخباری نیوخۆمان)دا نووسراوە.
٢٣- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩، ٢٥-٢-١٩٤٦ لە٤.
* دیسان لەژێر هەمان سەرباسدا بڵاوکراوەتەوە.
٢٤- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٠، ٢٧-٢-١٩٤٦ ل١ و ل٤.
* لەسەرەتادا پێشەکییەک نووسراوە. لە دواییدا وتارەکەی پێشەوا دێت، ئینجا هەژار هۆنراوەیەک و دوای ئەم عەلی خەسرەوی وتارێ و پاشان هێمن پارچە هەڵبەستێ دەخوێننەوە، پاشان صدیق حەیدەری وتارێکی داوە...... لە ساتی ١٢دا بڵاوەیان لێکردووە.
* نووسەری وتارەکە لە ڕۆژنامەکەدا کە لە شێوەی ڕیپۆرتاج نووسراوە، هەژاری شاعیرە.

٢٥- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢١، ٢-٣-١٩٤٦ ل٤.

* هەواڵەکە لەژێر سەرباسی (ئەخباری نیوخزمان، مەلا مستەفای بارزانی) بلاْوکراوەتەوە. لە دوایی باسەکاندا دێتە سەر باسی بارزانی خۆی.

* مەحمەد ئەفەندی (محەمەد مەحموود)، محەممەد قودسی-یە.

* تەواوکردنی وتارەکە لە ژمارەی ٢٣ی رۆژنامەی کوردستاندایە.

٢٦- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٦، ١٨-٣-١٩٤٦ ل٣.

* دیدەنیەکانی بارزانی لە رۆژانی ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣. لە ژمارەکانی ٢٦ و ٢٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بە درێژی بلاْوکراونەتەوە.

٢٧- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٣، ٦-٣-١٩٤٦ ل١.

* عەلی خەسرەوی کۆبوونەوەکەی دەستپێکردوە، هەژار، هێمن سەرو پارچە شیعریان خوێندۆتەوە: قادر مەحموود زادە چەند هەڵبەستێکی خوێندۆتەوە، دوای پێشەوا حاجی بابە شێخ هەستی خۆی بەیان کرد، ئینجا محەممەد ئیلخانی زادە، پیرۆزت ئاغا، حاجی مستەفا داودی، قسەیان کرد و ساتی ٣٠و٥ پاش نیوەرۆ جەژنەکە دوایی پێهێنراوە......

٢٨- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، ٢٥-٣-١٩٤٦ ل ١و٢و٣.

* لە ژمارەی ٢٨ پشدا درێژەی هەیە...... جگە لە پێشەوا لەو جەژنەدا گەلێ کەس وتار و هەڵبەستیان خوێندۆتەوە.

٢٩- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٩، ٣٠-٣-١٩٤٦ ل٣.

* ئەم هەواڵە لەژێر سەرباسی (ئاگاداری) داوە بە ئیمزای «پشکنی فرهەنگ کوردستان، عەلی خسروی» بلاْوکراوەتەوە.

٣٠- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٨، ٢٧-٣-١٩٤٦ ل١.

٣١- هەلاڵە ژمارە ٣ بانەمەری ١٣٢٥ (ئەپریل و مایسی ١٩٤٦).

* لەپێشدا پێشەکیەک، ئینجا ناوی ئەندامانی هەردوو وەفد نووسراوە. دوا بە دوایان هەر حەوت برپارەکانی ناو پەیمانەکە نووسراوە. ل٤-٧.

٣٢- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٤، ٢٥-٤-١٩٤٦.

٣٣- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦، ١١-٥-١٩٤٦ ل٢.

٣٤- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦، ١١-٥-١٩٤٦.

٣٥- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦، ١١-٥-١٩٤٦.

٣٦- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٧، ١٥-٥ ١٩٤٦.

٣٧- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٨، ١٨-٥-١٩٤٦.

٣٨- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٨، ١٨-٥-١٩٤٦. ئەم برپارە لەژێر سەرباسی ئاگاداری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بلاْوکراوەتەوە.

٣٩- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠، ٢٧-٥-١٩٤٦ ل١و٣.

٤٠- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠، ٢٧-٥-١٩٤٦ ل٤.

٤١- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٩، ١٨-٦-١٩٤٦.

* ئەو بەخشنامەیە بە ئیمزای معاوینی وەزیری جەنگی کوردستان، جەعفەر کەریمی بلاوکراوەتەوە.

٤٢- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٧، ١٣-٦-١٩٤٦ ل٤.

٤٣- هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل٤.

* ژمارەی هەیئەتەکە ٩ کەس بووە وەک لەو ژمارەیەدا بلاوکراوەتەوە.

* رۆژی هەڵبژاردنەکە دیارنەکراوە. بۆیە رۆژی بلاوکردنەوەی هەواڵەکە لە رۆژنامەی کوردستاندا کراوە بە مێژوو بۆی.

٤٤- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠، ٢٠-٦-١٩٤٦ ل٤.

* رەزم آرا سەرلەشکری سوپای تیهران بوو.

٤٥- هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە.

* دیسان لەمەشدا رۆژی دابەشکردنەکە دیارنەکراوە بۆیە هەر زنجیرەی مێژووی بلاوکردنەوەی رۆژنامەکەی بۆ دانراوە.

٤٦- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢، ٢٧-٦-١٩٤٦ ل١و٢.

٤٧- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٧، ١٢-٧-١٩٤٦ ل١.

* رۆژی سەفەرەکە نەنووسراوە بۆیە رۆژی بلاوکردنەکەی کراوە بە زنجیرەی مێژووەکەی.

٤٨- هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل٢.

* دیسان مێژووی سەفەرکردنەکەی دیارنەکراوە بۆیە هەر هەمان مێژووی بلاوکردنەوەی رۆژنامەکەی بۆ دانراوە... دیارە رۆژی سەفەر و رۆژی گەڕانەوە لەیەک دوور نین و زۆر زەحمەتی پێناوێ ئەگەر یەکێک بیەوێ بگاتە سەرەنجامی رۆژەکە کە یا نزیک لێی، ئەگەر سەرچاوەی تر دەستنەکەوێ.

٤٩- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩، ٣٠ پوشپەری ١٣٢٥ ل١.

* تێبینی: لە ژمارەی پێشوودا (٦٨) رۆژنامەی کوردستان نوسیویتی کە گۆڤاری ئازربایجانی شورەوی وێنە و وتاری لەسەر پێشەوا و گەلێ لە رابەرانی کورد بلاوکردۆتەوە.

٥٠- رۆژنامە کوردستان ژمارە ٦٩، ٣٠ی پوشپەری ١٣٢٥ ل١و٢و٣.

٥١- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧١، ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥ ل١.

٥٢- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ ل١.

٥٣- هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل١و٢و٣.

٥٤- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٥، ٢٠ی گەلاوێژی ١٢٣٥.

٥٥- هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل٤.

* ئەم هەواڵە لەژێر باسی ئاگاداری و بە ئیمزای سەرپەرشتی و مودیری مەدرەسەی عیمری (داود زادە) بلاوکراوەتەوە.

٥٦- رۆژنامە کوردستان ژمارە ٧٦، ٢٢ گەلاوێژی ١٣٢٥ ل١و٢.

٥٧- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٩، ٢٩ گەلاوێژی ١٣٢٥ ل٢.

٥٨- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٨، ٢٧ گەلاوێژی ١٢٣٥ ل٤.

* ئەو هەواڵە لەژێر سەرپارسی (ئاگاداری) هەموو مەلاکان و پێشنوێژەکانی شاری مەهاباد و بەنیمزای ئیدارەی کل ئەوقافی کوردستان- محەممەد لاهیجانی، بڵاوکراوەتەوە.


٥٩- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٩، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ ل٤.

* مێژووی بڕیاردانەکە نەنووسراوە، بۆیە هەر رۆژی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەی بۆ دانراوە.

٦٠- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠، ١١ی خەرمانان ١٣٢٥ ل١.

* لە رۆژنامەکەدا ١٩-٦-١٣٢٥ بە رۆژی گەڕانەوە نووسراوە. وادیارە یان هەڵەی چاپە، یاخود هۆی خراپ کۆپی کردنە.

٦١- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠، ١١ی خەرمانانی ١٣٢٥ ل٤.



کۆماری دیموکراتی کوردستان
نامە و دۆکومێنت
مەحموود مەلا عززەت
بەشی یەکەم- لەژێر چاپدایە